سودانی وفیدان گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوبەش کرد



محەمەد شەیاع سودانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لەمیانەی پشوازیکردنی لە هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوبەش کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران، ئەمڕۆ یەکشەممە محەمەد شەیاع سودانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پشوازی کرد لە هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە میانەی دیدارێکدا پەیوەندییە دوقۆیییەکانی نێوان هەردو وڵاتیان تاوتوێکرد، گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەك پرسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوبەش کرد، بەتایبەتی پشهاتەکانی ناوچەکە و ئوداوەکانی سوریا، هەر لە دیدارەکەدا دوایین پشهاتەکانی سوریا و غەزە و لوبنان تاوتوێکران و جەخت لەسەر گرنگی پابەندبون بە ئاگربەست کرایەوە.

لە بەشکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە گرنگی یەکخستنی هەوڵەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە کرا، بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە سەقامگیرییەکەی، لەمبارەیەوە سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە ئامادەیی عێراق کردەوە بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا سەبارەت بە ئەو پشهاتانەی کە لە گۆڕەپانی ناوچەیی بەدی

کراون و جەختی لەو هەڕەشەکردنەوەی عێراق کردەوە بۆ ئەوەی سوریا ببێتە گۆڕەپانی ململانێکان وتیشی، "عێراق کار دەکات بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لە سوریا بەهۆی هەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکە بەگشتی".

سەبارەت بە هاوکاری هاوبەش لەگەڵ تورکیا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەسەر بەدواداچونی حکومەت کردەوە، بۆ دەسیەی پەیوەندییە دوقۆڵییەکان و جێبەجێکردنی ئەو یاداشتنامە لێکتێگەیشتنانەی کە لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ ئەنقەرە لە مانگی (نیسان/4)ی ساڵی ڕابردوو واژۆ کران.

لە لای خۆیەوە هاکان فیدان سەاوی سەرۆك کۆماری تورکیای گەیاندە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و خواستی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ عێراق لەسەر پێشهاتەکانی ناوچەکە، ئاماژەی بە خواستی تورکیا کرد بۆ پەرەپێدانی هاوکاری لە پەیوەندییە دوقۆڵییەکاندا، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی هەردو سەردانە هاوبەشەکەی سودانی و سەرۆك کۆماری تورکیا.

وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر جدیەتی وڵاتەکەی کردەوە بۆ کارکردن لەسەر پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی ستراتیژی و ئەوەی تایبەتە بە هاوکاری لە چوارچێوەی ئەو یاداشتنامە لێکتێگەیشتنانەی کە لە نێوان هەردو وڵاتدا لە بوارەکانی وزە و پەروەردە ئاوگۆڕی بازرگانی و هاوکاری بانکی و بوارەکانی تر واژۆ کراون.